تاریق عەزیز شایەت، یان تاوانبار!



دەرسیم دیبەگەیی

رۆژی (٥,٣,٢٠٠٧)، دانیشتنی ژمارە(٤٨)ی دادگاییکردنی سەرانی بەعس لەسەر شالاوەکانی ئەنفال بەڕێوەچوو. دانیشتنی ئەمجارەش لەدادگای بالای تاوانەکانی ئێراق، تایبەت بوو بەگوێگرتن لە شایەتانی بەرگری لەتۆمەتباران، بەناو شایەتی ئەمجارەکۆنەرەفیق (تاریق عەزیز عیسا)ی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی سەددامو، ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی پارتی بەعسی سەددامو جێگری سەرۆک وەزیرانو وەزیری دەرەوەی ساڵانی ئەنفال بوو.

تاریق عەزیز، وەکو داکۆکی کەریک هاتبوو بۆ دادگا، نەک وەکو شایەتێک بۆ گێڕانەوەو دەرخستنی ڕاستییەکان، ئەو بەعسییەماڵزەگوتی: (من شانازی بەوەدەکەم کەلەگەڵ رژێمی پێشوو و سەددامی قارەمان کارم کردووە. ئێراق بەچەکی کیمیاوی لەهەڵەبجەی نەداوە، بەڵکو ئێران بوو). هەروەها تاریق نکۆڵی لەوەکرد کەکورد ئەنفال کرابێت. دادوەر محەمەد ئەلعریبی، سەرۆکی (د. ب. ت. ع)، چەندجارێک هۆشداری دایەئەو تاوانبارەبەناو شایەتەو بەسەریدا هاواریکرد کەبێتەوەسەر خەت، بەڵام ئەو هەر سووربوو لەسەر ئەوەی کەلەدەرەوەی خەت بمێنێتەوە.

تاریق عەزیز، یەکێک بوو لەو سەرکردەبەعسیانەی کەدوای دەستگیرکردنەکەی لە(٢٤,٤,٢٠٠٣)دا، قسەی زۆری لەسەر سەددامو دارودەستەی کردبوو، هەروەها دانی پەگشت تاوانەکانی رژێم دانابوو، بەڵام خۆی لەهەموو تاوانەکان بەدوورخستبوو، بەبیانۆی ئەوەی کەگوایەئەو سەرکردەیەکی دبلۆماسی بووەو پەیوەندی بەکاری‌سەربازی یان سیاسەتی بەعس نەبووەلەکوردستاندا! دادوەری لیکۆڵینەوەهەموو قسەکانی (تاریق عەزیز)یان بەسەددامو تاوانبارەکانی تر گوتبووەوەلەپێناوی دانپێدانانی ئەوانیش بەو تاوانانەی کەسەرانی بەعس لەکوردستانو ئێراقدا ئەنجامیان دابوو. ئەو دانپێدانانەی ئەو تەواوی سەرانی بەعسو سەددامی بێزار کردبوو، بۆیەکاتێک کەسەددامل‌ەڕۆژی پێنجشەممە(١,٧,٢٠٠٤)دا لەدادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق، کەلەو ڕۆژەدا (١٢) تاوانبار لەسەرانی بەعس بردرانەبەردەم دادگا، تاریق عەزیزی بینیوو چاوەکانی لێ سوورکردبووەوەو پێی گوتبوو: (لم تکن مسؤولا عن شيء ولا علاقة لک بشيء؟ يا کلب، يا خائن .....! واتە: بەڕپرس نەبووی لەهیچ شتێکو پەیوەندیت بەهیچ شتێکەوەنەبوو؟ هەی سەگ، هەی ناپاک.....!). دوای ئەو جنێوانەی سەددام، تاریق عەزیز بەخۆدا دەچێتەوەو هەوڵی ئەوەدەدات کەبەرەبەرەلەو دانپێدانانە پەشیمان بێتەوە. پاشان لە(١٩,٩,٢٠٠٥)دا تاریق عەزیز لەلایەن دادوەری (د.ب.ت.ع)دا لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکرێت بائامادەبوونی (بەدیع عارف)ی پارێزەری بەمەبەستی پەسەندکردنی ڕوونکردنەوەکانی وەکو شایەتێک، لەو دانیشتنەدا تاریق عەزیز لەسەر زۆرشت پەشیمان بۆتەوە، بەڵام لەوەڵامی پرسیاری: ئایا چارەنووسی ئەو خێزانەکوردانەی کەلەساڵی (١٩٨٨)دا لەلایەن هێزەکانی سوپای ئێراقی، وەبەتایبەتی شالاوەکانی ئەنفال دەستگیرکران چیان بەسەرهات؟ دەڵێت: لەو گفتوگۆیانەی کەعەلی حەسەن مەجید سەرپەرشتی دەکرد، پرسیاری چارەنووسی ئەو خێزانانەو زیانەکانی لێکرابوو، بەڵام نازانم وەڵامی عەلی حەسەن چی بوو! لەدانیشتنەهاوبەشەکاندا ئێمەگەیشتینەریککەوتنێک کەحکومەت (حکومەتی پێشووی روخاو) قەرەبووی زیان لێکەوتووەکوردەکان بەشێوەیەکی گشتی بکاتەوە).

ئەوەی سەرەوەدانپێدانانێکی ناراستەخۆی تاریق عەزیزەبەوەی کەرژێم کوردی ئەنفال کردووە، هەروەها لەهەمان کاتدا دانپێدانانێکی ڕاستەو دروستی ئەوەیەکەسەرکردایەتی کورد لەگفتوگۆکانی بەهاری ساڵی (١٩٩١)دا پرسیاری چارەنووسی ئەنفالکراوەکانی کردووە. بەڵام ئەو تاوانبارەدەیەوێت ڕووی ڕەشی خۆی‌و رژێمەکەی بەچەند درۆیەکی ئاشکەرا سپی کاتەوە لەو تاوانانەی لەدژی کوردداو ئەنجامیان داوە.

جگەلەوەش لەسەرکردەکوردەکانی بەشداربوو لەگفتوگۆکانی هەمان ساڵدا لەگەڵ بەعس، دکتۆر مەحمود عوسمان، دکتۆر فوئاد مەعسومو کاک کۆسرەت کەهەرسێکیان زۆرجارو لەچەندین بۆنەو کۆڕو کۆبوونەوەو لای دۆستو هەڤاڵانی خۆیاندا، جەختیان لەسەر ئەوەکردۆتەوەکەچەندینجار لەگفتوگۆکانی بەهاری ساڵی (١٩٩١)دا باسی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان لەگەڵ سەرانی ڕژێمدا کراوە، بەڵام هەموو جارێک سەرانی رژێم خۆیان دزیوەتەوەیان وەڵامی دروستیان نەداوەتەوە. بۆجاری یەکەم دکتۆر مەحمود عوسمان چارەنووسی ئەنفالکراوەکانی لەعەلی حەسەن مەجید پرسیووە، کەچی ئەو زۆر سەخڵەت بووەبەو پرسیارەو بەجارێک شڵەژاوەو گوتویەتی: (ئێوەدەتانەوێ ئەو تاوانەبخەنەسەر مەن بە(عەلی کیمیاوی) ناوم دەبەن‌و، باسی ئەوەدەکەن (١٨٢) هەزار کەس بێسەرو شوێنە، بەڵام ژمارەی هەموو ئەوانەی ئێمەلەو شالاوەسەربازییانەدا کۆمان کردوونەتەوەنەدەگەیشتنە(١٠٠) هەزار کەس). ئەوەدانپێدانانێکی ڕاستەوخۆی ئەو تاوانبارەیەبەوەی کە کوردئەنفالکراوەو، ئەو چارەنووسیان دەزانێتو گۆڕەبەکۆمەڵەکان پێدەزانێت.

هەروەها دکتۆر فوئاد مەعسوم باسی ئەوەی کردووەکەچۆن عەلی حەسەن مەجید لەکاتی پرسیارکردن سەبارەت بەچارەنووسی ئەنفالکراوەکان شڵەژاوەو گوتویەتی: (ئێوەمەبەستتان منەو دەتانەوێت دەمارم بگرن‌و رقم هەڵسێتن، من جگەلەجێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرکردایەتی شۆڕش هیچ شتێکی ترم نەکردووە). ئەو قسانەی تاوانباری ناوبراو دووبارەدانپێدانانێکی ڕاستەوخۆیەو، دەیەوێت بەوەبێتاوانی خۆی نیشانبدات کەفەرمانەکانی سەرکردایەتی بەناو شۆڕشی جێبەجێکردووە.

ئەوەجگەلەوەی کەکاک کۆسرەت جەختی لەسەر قسەکانی هەردووکیان کردۆتەوەو، بەدەیان جار باسی ئەوەی کردووەکەلەکاتی گفتوگۆکانی بەرەی کوردستانی لەگەڵ رژێمدا، هەرجارەی شاندی کوردستانی پرسیاری چارەنووسی ئەنفالکراوەکانی کردبێت، ئەوان بەهیچ جۆرێک نەیانویستووەوەڵامی ڕاستو دروستی کورد بدەنەوەو هیچ زانیارییەکیشیان پێ نەداون.

سەبارەت بەکیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەلەلایەن فڕۆکەکانی ئێرانییەوەنەک ئێراقی، ئەوەبەعسییەک خۆی وەڵامی ئەو درۆیەی تاریق عەزیز دەداتەوە، نزار خەزرەجی لەدیمانەیەکدا لەگەڵ کەنالی تەلەفزیۆنی (ئێم بی سی) عارەبی کەلەدانیمارک لەگەڵیدا ئەنجامیداو، بەرنامەی (حوار الاسبوع) لە (١٠,١١,٢٠٠١)دا بڵاویکردەوە، گوتی: (لەبەرەبەیانی ڕۆژی (١٦,٣,١٩٨٨)دا ئەو ڕۆژەی لە هەڵەبجە درا، فەرماندەی فەیلەقی یەکی ئەوکات (فەریق کامیل ساجیت) بە تەلەفۆن پێڕاگەیاندم کە شەوی رابردوو و بەیانی ئەمڕۆ ئێرانیەکان هێرشیان هێنابوو بۆ سەر ئەو بەرزاییانەی دەکەونە ڕۆژهەڵاتو باکووری هەڵەبجە. هەروەها گووتی: بارەگای هێزی بەڕپرس بۆ پارێزگاری ناوچەکە کە بارەگاکەی لە هەڵەبجەیە بەئەرکی خۆی هەڵساو زاڵن بەسەر ڕەوشەکەدا).

دەوروبەری کاتژمێر چواری هەمان ڕۆژ دووبارە فەریق کامیل ساجیت تەلەفۆنی بۆ کردمەوەو پێی ڕاگەیاندم: کۆمەڵێک فڕۆکە هاتوو شاری هەڵەبجەی کیمیابارانکرد). پرسیم فڕۆکەکان ئێراقی بوون؟ گوتی: بەڵێ فڕۆکەکانی خۆمان بوون‌و پەیوەندیش بە فەرماندەی هێزی هەڵەبجە پچراوە). لەڕاستیدا سەرم سوڕماو دەستبەجێ پەیوەندیمکرد بە وەزیری بەرگری (فەریق عەدنان خەیروڵڵا)و لەڕەوشەکە ئاگادارمکردەوە. ئەو پیاوەش گوتی: هیچ زانیاریەکم لەسەر ئەو بابەتە نیە، کاتژمێرێک یان تۆزێک زۆرتر ماوەم بدە پەیوەنیت پێوە دەکەمەوە). ڕێک دوای کەمتر لە دوو کاتژمێر، نزیکەی کاتژمێرێکو نیو دواتر دەبوو پەیوەندی پێوەکردمەوەو گوتی: بەڵێ فڕۆکەکانی خۆمان هەڵەبجەیان بۆردوومانکردووە بە فەرمانی فەرماندەی گشتی سەدام حوسێن لە ئەنجامی پێدانی زانیاری نادروست لەلایەن عەلی حەسەن مەجیدەوە). کاتێ کە مەجید بەڕپرسی بیرۆی باکووری حیزبو بارەگاکەی لە کەرکوک بوو. پێدەچێت کە مەجید لەڕێگای کەسانی سەر بە دەزگای حیزبیەوە زانیاری وای پێگەیشتبێت هەڵەبجە کەوتبێتە دەست ئێرانیەکان. دەمودەست پەیوەندی بە سەدام حوسێنەوە کردوەو بڕیاری ئەوەیان داوە بۆمبارانی هەڵەبجە بکەن. دواتریش دەرکەوت ئەو لێدانە لێدانی کیمیاوی بوو). گرنگترین شت بۆ ئێمەی کورد ئەوەیەکەلەدانپێدانانەکانی خەزرەجیدا بۆمان دەردەکەوێتو هیچ گومانێک نامێنێت کەبەچەکی کیمیاوی لەهەڵەبجەدراوە، ئەویش لەلایەن هێزی ئاسمانی ئێراقو فڕۆکەکانی (سەددام)ەوەبوو.

تاریق عەزیز، یەکێکلەسەرکردەهەرەدرۆزنەکانی بەعس. لەسەرەتای ساڵی (١٩٩٢)دا شاندێکی مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان، بەسەرۆکایەتی (ماکس ڤان دیرستویل، سەرۆک وەزیرانی پێشووی هۆڵەندی) هاتەهەولێرو، لەڕۆژی (٦,١,١٩٩٢)دا ژمارەیەکی زۆر لەزیندانییەرامیاریەکان لەلایەن ئەو شاندەیەچاوپێکەوتنمان لەگەڵدا کرا. دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەک بەسەر ئەو چاوپێکەوتنەدا، (ماکس ڤان دیرستویل) گەڕایەوەهەولێرو داوای دووبارەچاوپێکەوتنی کردەوەلەگەڵ ئەو کەسانەی کەڕۆژی (٦,١,١٩٩١) دیبوونی، یەکێک لەو کەسانەمن بووم. ئەوجارەیان (ماکس ڤان دیرستویل) باسی ئەوەیکرد کەئەوان چاویان بە(تاریق عەزیز) کەوتووەلە بەغداو، باسی ئەوەیان لەگەڵ کردووەکەحکومەتی ئێراقی ئازارو ئەشکەنجەی ژۆری زیندانییەکانی داوەو بەشێوەیەکی درندانەهەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردوون. بەڵام تاریق عەزیز نکۆڵی لەوەکردووەکەحکومەتی ئێراقی کەسێکی لەزیندانداو ئەشکەنجەدابێ‌و، باسی ئەوەی کردبوو کەئەوو کەسانەسەر بەپارتەکوردەکانن‌و، بوختان بۆ حکومەت هەڵدەبەستن‌و بۆ ئەو کارەیان پارەیان لەپارتەکوردییەکان وەرگرتووە، تەنانەت هیچ کامێک لەوانە لای حکومەت نەگیراون، ئەوانەدرۆزنن. لەئەنجامدا (ماکس ڤان دیرستویل) داوایکرد کەکاممان ئامادەیی ئەوەی تایبەکەلەگەڵیاندا بچێت بۆ بەغداو ڕووبەڕووی (تاریق عەزیز) باسی ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی کەلەزیندان چەشتوویەتی باسی بکات. یەکێک لەو کەسانەمن بووم کەئامادەیی خۆزم نیشاندا بۆ ئەو مەبەستە! دیرستویل لێمی پرسی دەتەوێت چی بەتاریق عەزیز بڵێی؟ گوتم: ئەگەر گەرەنتیم بدەیتێ کەبەساغی‌و زیندوویی بمگەڕێنێتەوەبۆ هەولێر، پێی دەڵێم فەرموو سەیری پاشماوەکانی ئازارو ئەشکەنجەبکەلەسەر جەستەم، باسی هەموو زیندانەکانی بۆ دەکەمو ناوی گشت ئەفسەرو جەللادەکانی (مەنزومەی ئیستخباراتی شمالی)و ئەمنی هەولێری پێ دەڵێم، بەڵگەنامەکانی بڕیاری دادگا بەواژۆی سەرۆکی دادگای بەناو شۆڕش (عەواد بەندەر)کەبە(١٠) ساڵ زیندانی کراوم لەڕۆژی (٤,٦,١٩٨٧)دا، هەورەها پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی زیندانی ئەبوغریب بەواژۆی بەڕێوەبەری ئەوکات (ئەحمەد فەرحان شعێبس) کە دەیسەلمێنێلە(٤,٦,١٩٨٧) تاوەکو (١٤,٩,١٩٨٨) لەزیندانی ئەبوغریب – قسم احکام الخاصة- بوویمە، لەگەڵ چەندین بەڵگەنامەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر کەدەیسەلمێنێت لەڕۆژی (٢,٣,١٩٨٦)دا لەلایەن مەنزومەلەقوتابخانەی (ئەرخەوانی کچان) لەهەولێر گیراوم، لەکۆتایشدا پێی دەڵێم تۆ درۆزنی نەک ئێمە، ئێمەکرێگرتەنین، بەڵکو باسی ئەو ڕاستیانەمان کردووەکەلەزیندانداو بەسەرمان هاتووە). دووبارەبە(دیرستویل)م گوت: (بەڵام بەو مەرجەی بەزیندوویی بمبەیتو بەزیندوویی بمگەڕێنیتەوە). ماکس ڤان دیرستویل گوتی: (بڕوای تەواومان بەقسەکانت هەیە، بەڵام ناتوانین گەرەنتیت بدەینێ، بەس نەکەی بۆ سەردانیش ڕووبکەیتەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت، چونکە ئێمەلەگەڕانەوەماندا بۆ بەغدا دووبارەدەچینەوەلای تاریق عەزیزونواوی تۆو بەڵگەنامەکانت دەدەین بەتاریق عەزیز وەکو بەڵگەیەک کەزیندانییەکان لای ئەوان ئەشکەنجەو ئازاری درندانەدراون، هەروەها لەمڕۆ بەدواوەبچیتەناو حکومەتو هەرشتێکت بەسەر بێت خۆت بەڕپرسی نەک ئێمە).

Darsim2006@hotmail.com

دەوڵەت، نەتەوە

ئەمیری حاجی محەمەد

وەرگێڕانی: ئەمیری حاجی محەمەد

١-دەوڵەتی نوێ و ڕەگەزەکانی

چەمکی دەوڵەت (state) تا سەدەی شازدەیەم باوی سیاسی نەبوو. یەکەمین بەکارهێنانی وشەی دەستەواژەیی لە تویژینەوەی زانستیدا دەدرێت بە (نیکۆڵۆ میکاڤیلی) (١٥٢٧-١٤٦٩). پۆنانیەکان ئەم چەمکەیان لا نەناسراو بوو. ئەوانە لەباتی ئەو زاراوەی (پۆلیس)یان بەکاردەهێنا کە (شار-دەوڵەت)یان پێ دەگوت. لەشار-دەوڵەتەکانی پۆنانی کۆن لەسەر بەهەرمەندی لەماف و کۆبوونەوە جەخت دەکرایەوەو دەسەڵات و گوێ ڕایەڵی گرنگی پێ نەدەدرا. بەگوتەی (کاتلین) باشتروایە ناوی بنرێ (کۆبوونەوەی شاری) تاکو (شار- دەوڵەتە)کانی (ڕۆم)یشی بگرێتەوە کە لەماف و ئەرکە شارستانییەکان بەتەوای پشتیوانیان دەکرد. بۆیە (شار – دەوڵەتەکانی) پۆنان ڕۆم کۆبوونەی ئاپورەیی و گرووپی بوون کە لەسەر وەبەرهێنانی کۆیلەکان دەژیان.

چەمکی دەوڵەتی نوێ لەڕۆربەی بەشەکانی ئۆروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا بوونی نەبوو. لەو سەردەمەدا بیرکردنەوەی سیاسی دەربارەی ئیمپراتۆری و حکومەتی شازادەکان بوو. لەکۆتایی سەدەکانی میانە، چەمکێ لە دەوڵەت وردە وردە خۆیا بوو، بەڵام بەباشی ڕوون نەبووبووە، کاتێ باکارهێنرا کە دەوڵەت بۆ خەڵک نەبوو بەڵکو بۆ میر و پاشا خاوەن دەسەڵاتەکان بوو. لەو سەردەمەدا دەوڵەتیان بە دەسەڵاتی ڕەوای بڵند دەزانی، بەڵام جار جاریش بە ((دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانیش هەم ئاماژەی هەبوو)). بە تێپەڕبوونی زەمان، دەوڵەت سەرەڕای بنچینەو بوارەکانی، چەمکی سروشتی دەسەڵاتی ڕەواو دروست بوونی پەیدا کرد.

لەوتوو وێژە گشتییەکاندا بۆ چەمکی دەوڵەت مانای جۆراوجۆر دەکار دەبەن، بۆ نموونە: بە یەکەکانی پێکهێنەری فدراسیۆنەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەزمانی ئینگلیزیدا بە (state) دیاری دەکرێ، هەروەها باس لە هاوکاری دەوڵەت، بڕیارەکانی دەوڵەت یان فێرکردنی دەوڵەتی دەکەن، کەچی لەڕاستیدا هاوکاری و یارمەتی و بڕیارەکان و شتی لەو بابەتانە هی حکومەتە. دەوڵەت حکومەت نییە، بەڵکو حکومەت کارگوزاری دەوڵەتە. هەروەها دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگەو کۆمەڵایەتی و گەلدا جیاوازی هەیە. هەندێ جاریش زاراوەی دەوڵەت لەگەڵ زاراوەی وڵاتدا هاوکێش بەکار دەبەن، دوای شیکردنەوەی چەمکی دەوڵەت و گەیشتن بە پێناسەیەکی کارا، جیاواز دیاری ئەو لەگەڵ حکومەتدا دەناسێن.

ڕەنگە سەر سوورهێنەر بێ کە بیرمەندان و توێژێنەرانی سیاسی لەبارەی پێناسە دەوڵەت ڕێک نەبن لە سەر یەک بژچوون. جیاوازی بژچوون پێش هەر شتێک پەیوەندی بە ئەندێشە جۆراوجۆراکانەوە هەیە کە لەبارەی دەوڵەتەوە دەخرێتەڕوو و کارتێکەریشە. لەکاتێکدا کە هەندێ بیرمەندانی سیاسی دەوڵەت بە یەک پێکهاتەی چینایەتی دەزانن، کەسانێتر لەو باوەڕەدان کە دەوڵەت فراوانتر لەچینەکانەو وێناگەری گشت کۆمەڵگەیە. هەندێ بە ڕژێمی دەسەڵات دەیزانن و هەندێکیتر بە ڕژێمی خۆشگوزەرانی. کەسانێ بەدەستەبەرکەری ژیانی بەکۆمەڵ دەیزانن لە کاتێکدا کەسانیتر دەوڵەت بە دامەزراوەیەکی ئەخلاقی دەزانن کە خۆشگوزەرانی و ئەخلاقی مرۆڤایەتی دەستەبەر دەکات. هەندێ لە ڕووی یاساییەوە لێی دەڕوانن بۆ کۆمەڵێکی دەزانن کە بە پێی یاسا ڕێکخراوەو هەندێ لەگەڵ خودی نەتەوە یان کۆمەڵە یەکسانی دەزانن. کەسانێ لەسەر پێکهاتەکەی جەخت دەکەنەوەو کەسانیتریش لەسەر کردەوەکەی.

دەربارەی کۆمەڵگە شارستانی یان دەوڵەت هەر لەدەسپێکی بیرەوەری سیاسییەوە جیاوازی بیروباوەڕ هەبووە. بۆ نموونە فەیلەسوفەکانی یۆنانی کۆن، کە فەلسەفەی سیاسی ئۆروپا لەوەوە دەستی پێکرد، کۆمەڵگەی شارستانیان بە بڕیارنامەیی (قرار دای) دەزانی، بەڵام بیرمەندانی پاشین وەک ئەفلاتوون (٣٤٧-٤٢٨ پ.ز) و ئەرەستۆ (٣٢٢-٣٨٤ پ.ز) لەگەڵ ئەم بژچوونەدا نەبوون. بۆ نموونە، ئەرەستۆ (پۆلیس)ی بەسروشتی و پێویست دەزانی و دەیگوت (پۆلیس) غەریزە سروشتییەکانی مرۆڤ ئاشکرا دەکات، بەرهەم ترۆپکی پێداویستی مرۆڤە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، بۆ گەشەکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ پێویستە. بە پێی بژچوونی ئەو، کەسێ کە لەدەرەوەی بازنەی (پۆلیس) بژی یان لەخوارو ڕەگەزی ئادەمیزاد یان لەسەرووی، لەسروشتی ئادەمیزاد نییە. بیرمەندە بڵند پایەکانی نوێی سەدەکانی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، وەک ڕۆسۆ، کانت، هیگل، گرین، بۆسانکە کەم و زیاد لەگەڵ ئەم بژچوونەدا هاوڕا بوون. ئەوانە دەوڵەت بە دامەزراوەیەکی ئەخلاقی دەزانن کە بۆ گەشەکردنی تەواوی ئەخلاقی مرۆڤە. ئالتۆس (Althusius) و گرۆسیۆس (Grotius) بژچوونگەلێکی هاوتایان لەگەڵ ئەوانەدا هەبوو و دەوڵەت بە دروستکراوەیەکی گشتی بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤ دەزانن و ئەم بژچوونەش لە پەیدابوونی چەمکی (دەوڵەتی خۆشگوزەرانی)، کە بەشێوە گشتی تەنیا بۆ کۆمەڵگە تێرو تەسەلەکان دەشێ کاریگەر بوو.

لەلایەکیترەوە، کەسانێ باوەڕییان وابوو کە دەوڵەت ئازادی سروشتی تاک سنووردار دەکات و لەباشترین حاڵەتدا، شەڕی پێویستە (شرضروراست). یەکێ لەبیرمەندانی ناودار باوەڕی بەم بژچوونەیە. هێربرت اسپنسر (١٨٢٠-١٩٠٣) فەیلەسوفی ئینگلیزی بوو کە باوەڕی بەوە بوو دەوڵەت ((کۆمپانیای هاوبەشی بیمە))یەو ئەندام بوون تیایدا دەبێ ئازاد و ئارەزوویی بێت. ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە دەبێ دەوڵەت مۆڵەت بە هاوڵاتیانی بدات کە لەپەیڕەوی نەکردنی وڵاتیان و تەجەنسی وڵاتانیتر ئازاد بن و لە بارگرانی ئەرکی پەیڕەو بوونی وڵات ڕزگاریان بن.

لەسنووری توندڕەویترەوە، ئاناریشستە فەلسەفییەکانی وەک پرۆدۆن (١٨٦٥-١٨٠٩)و کرۆپۆتکین (١٩٢١-١٨٤٢) باوەڕیان وابوو کە دەوڵەت شەڕی ڕەهایە (شرمطلق). ئەوانە دژی بوونی دەوڵەت بوون و بەجۆرێ لە زۆرداری و دەسەڵات دەیزانن و دەیانگوت ڕەنگە دەوڵەت (یان حکومەت) هاوکارو یارمەتی کەسێکی کردبێ، وەلێ بە دەگمەن قازانجی هەموو خەڵکی تێدا بووە، جا لەبەر ئەمە هەرچی زوتر لەناو بچێ ڕەنج و مەینەتی مرۆڤ کەمتر دەبێ. بۆیە دەبێ ئاماژە بکرێ کە (میکاڤیلی)و (تریشکە)ش لەڕوانگەیترەوە، دەوڵەتیان بە ڕژێمی هێزو دەسەڵات ڕاڤە دەکرد. کارل مارکس (١٨٨٣-١٨١٨) پێیوابوو کە دەوڵەت ڕێکخراوی یەک گروپ یان چینە بۆ دەسەڵات و وەبەرهێنانی گروپ و چینەکانیتر.

سەرەڕای ئەمانەش بژچوونگەلێکیتریش هەیە، وەک بژچوونی هۆلاند (Holland) کە دەوڵەتی بەزاراوەکانی مافە خالیسەکان پێناسە کردووە، فیلیمۆر (PHilimors) کە بە دیدی مافی نێونەتەوەیی لەدەوڵەت دەڕوانێ، بژچوونگەلێکیتریش هەم هەیە.

بەم جۆرە دەبینرێ کە جیاوازی بیروباوەڕی بیرمەندانی مەیدانی سیاسەت لەبارەی پێناسەی دەوڵەت ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕە جیاوازەکانی ئەوانەیە سەبارەت بە سروشتی دەوڵەت. تەنیا ڕیگەی ڕزگاربوون لەم چەند جۆرەییەی بژچوونەکان ئەوەیە کە ئەم پێناسانە کە بۆ دەوڵەت دەکرێ لەبەرچاو نەگرین و تەنیا گرنگی بدەین بەو پێناسانەی کە لەسەر هۆکارەکان یان ڕەگەزە بنەماییەکانی دەوڵەت دروست بووە.

لە بەشی دووەمدا پێناسەی دەوڵەت دەخەینەروو.

دەروون دونیا

ئەنفالی مووچەی ئەنفال

هەموو کەسێکی ڕۆشنبیر دەزانێ کە ئاسەوارە خراپەکانی جەنگ زۆربەیان لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگەکەوە سەرهەڵدەدەن بەتایبەتیش ئاڵۆزبوونی باری ئابووری وڵات، هەر لەگران بوونی کەرەسەو پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانەی خەڵک و کێشەی نیشتەجێ بوون و خانووەوە، بگرە تا دەگاتە بێکاری و دەست بەتاڵییەکی بێ شومار. ئەم ئاڵۆزییە کۆمەڵێ گۆڕانکاری نوێ لەهەزری تاکەکان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دروست دەکات بەمەبەستی دەرباز بوون لەو ژیان گوزەرانەی کە تێی کەوتوون. کۆچکردنی لاوان کە هێزی کاری وڵاتەکەن بەرەو وڵاتانی دیکە، دەستکاری کردنی سیستەمی بەڕێوەبردن و دارایی وڵات لەو گۆڕانکاری و دیاردانەن کە سەرهەڵدەدەن.

هەموومان دەزانین کە جەنگە نەخوازراو و یەک لە دوای یەکەکانی عێراق چۆن ئەم وڵاتەی وێران کرد، هەروەها دەزانین کە پرۆسەی بەدناوی (ئەنفال) چی بەسەر کورد هێناو چۆن سەدان گوندی خاپور کردو خەڵکەکەی بێ سەروشوێن کردو هێڵلانەی پێشمەرگەی تێک و پێکدا، سەدان هەزار ژن و منداڵی بێ سەرپەرشتیارو بێ جێگەوڕێگە لە ئۆردوگا زۆرەملێکان نیشتەجێ و دەستەمۆ کران بۆ بژێوی ژیانیان و نان پەیداکردن ڕوویان دەکردە ناوچە عەرەبییەکان. ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ئاهێکی خۆشی خستە دڵی هەموو خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوەکانەوە، وایانزانی ئیتر ڕۆژی ئەوە هاتووە کە دەست بەسەر بێوەژن و منداڵەکانیاندا بێنن و لەو مەینەتییە ڕزگاریان دەبێت، بەڵام شەڕی ناوخۆ دیسانەوە خەنجەرێکی ژەهراوی دیکە بوو درا لە دڵی هەموو ئەو خەڵکەو دیسانەوە ژیانیان کەوتەوە سەر سکەی مەینەتییەکان، ئەمجارەیان دەرگەی نان پەیدا کردن کەوتە ڕێگەی ئێران و پێشمەرگایەتی کردنی شەڕی ناوخۆوە. هەتا بڕیاری نەوت بەرانبەر بە خۆراک جێبەجێ کراو شەر ڕاوەستاو جۆرێک لەئاوەدانی و خۆشگوزەرانی کەوتەوە وڵات، مووچە بۆ زۆر کەسی پاشماوەی ئەنفالکراوەکان بردرایەوە هەرچەندە کەم بوو، بەڵام دیسانەوە مایەی دڵخۆشی و بەسەرکردنەوەیەک بوو.

دوای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکەی هەرێم و گرتن و دادگەیی کردن و لە سێدارەدانی بەشێک لە سەرە گەورەکانی ڕژێمی لە ناوچووی بەعس ئەوەندەی دیکە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دڵخۆش بوون. ئەوەی کە مایەوە تەنیا ئەو کێشە گەورەیەی بژێوی و سووتەمەنی و نیشتەجێ بوونەیە کە زۆربەی دانیشتوان پێوەی دەناڵێنن و کە ئەمان لەهەموو کەس زیاتریان بەرکەوتووە. لەم مانگی ئازارو یادکردنەوە زۆرانەی ڕاپەڕین و نەورۆز و ئەنفال و کیمیابارانەدا لە جیاتی ئەوەی چارەسەرێکی باشتریان بۆ بدۆزنەوە، کەچی حکومەت مووچەکەیانی ئەنفال کردوو لەسەدا (٣٠) مووچەکەیانی کەم کردەوە، بۆیە دەنگی ناڕەزاییان تیا بەرز بووەوە، ئەو خێرەیان وەردەگرت و دایانە دواوەو داوای زیادکردنیشیان کرد، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک بەڕپرسی حکومی لەگەرمیان و چەمچەماڵ و دەورووبەری پشتگیرییان لەداواکەیان کردوو هاوکارییان کردن و داواکەیان بەرز کردەوە، باشە دەبێ ئەم کارە خەتای کێ بێت و چ مەبەستێک لەپشتییەوە هەبێ؟. وەکو دەڵین خودا تۆڵەی دایک و باوک لەدنیادا وەردەگرێ لەنەوەکانیان. حکومەتیش با باش بزانێ کە ئەوانیش نەوەی ئەم میلەتەن و با ئاگاداری خۆیان بن.